حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٦٤) لە ٢٠٢٢/٧/٦

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٧) لە ٢٠٢٢/٧/٦، و دوابەدوای بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٤) لە ٢٠٢١/١٢/١، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی (پڕۆژە یاسای کار لە هەرێمی کوردستان-عێراق) و ئاڕاستکردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ تەشریعکردنی لەگەڵ هەموارکردنی ڕەشنووسەکە ئەوەندەی پەیوەندیی بە دەرکردنی ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان هەیە کە پێویستە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ئەم مەبەستە هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بکات.

٢. ڕاسپاردنی بەڕێزان وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەکانی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و جێکردنەوەیان لە ڕەشنووسەکە دوای هەڵسەنگاندنیان و پێش ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان.

٣. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بۆ ڕەوانەکردنی پڕۆژە یاسای ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ تەشریعکردنی.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**